# سروودی ژنان

حەمەسەعید حەسەن

یاخی بە لەو کۆمەڵەی
بە ئینسانت نازانێ،
لەو کولتوورەی بە چاوی
سووکەوە بۆت دەڕوانێ.

یاخی بە لەو ڕێسایەی
گوێ بۆ دەنگت ناگرێ،
یاخی بە لەو یاسایەی
گۆشاوگۆش سەرت دەبڕێ.

یاخی بە لە دابی باو
لە هەڕەشە و زەبری پیاو،
یاخی بە لە قەفەز و
لە هێزی زێڕ و دراو.

وڵاتێکی ژێردەستەی
ڕابە بۆ ئازادیی خۆت،
قەڵای ورەت قایم بێ،
بشکێنە کۆتی ئەستۆت.

ئەی شاکاری خوای مەزن!
چاو ببڕە ئاسۆی ڕۆشن!
یاخی بە ئەی مامۆستای
بەرگەی ژان و خەم گرتن.

ئەی ڕەمزی جوانسالاری،
زاتی بڵندی خودا،
جوانیی خۆی لە ڕێی تۆوە،
نیشانی دنیا دەدا.

ئەی جوانترین بوونەوەر!
ئەی بەخشندە و داهێنەر!
مل کەچ مەکە بۆ گوشار،
خۆت مەدە دەستی قەدەر!

ڕابە ئەی ژنی بوێر!
بۆ داد و بۆ یەکسانی،
بۆ ژیانێ تژی بێ
لە هیوا و کامەرانی.

٢٠٠٧/٢/١